گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper18
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/٠٢/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٠٤/١٢
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# هۆکارەکانی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی تایبەت بە کۆچکردن
## توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**ڕێدار عزالدین کانبی[١] - ارام ابراهیم حسین[٢]**

aram.hussen@su.edu.krd - redar.kanaby@su.edu.krd

[٢+١]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختەی توێژینەوە:

کۆچکردنی گەنجان لەسەردەمی ئێستادا دیاردەیەکە لە زۆربەی کۆمەڵگا دواکەوتو و کۆمەڵگا هەژارەکان بەدیدەکرێت هەروەها لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەدەستەنەبونی دەرفەتی کارو دەستەحەقی گونجاو گەندەڵی و نائارامی سیاسی و ئاسایشی دەناڵێنن، زۆربەی ئەو کۆچکردنانەی گەنجانیش کۆچی نێودەوڵەتین واتە بڕینی سنورە نێودەوڵەتییەکانە ئەویش بەشێوەی نایاسایی واتە (قاچاغ) ئەنجامدەدرێن، ڕێگایی نایاسایش ڕێگایەکە پڕە لەو مەترسییانەی کە کۆچبەر دوچاری مەرگ و بێسەرو شوێن بون و خنکان دەکاتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش نزیکەی دەیەیەکە بەتایبەت کۆچکردنی گەنجان بوە بە دیاردەیەک بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی کۆچکردن. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتوە، هەروەها گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتوە ئەمانەن: نەبونی دەرفەتی کاری گونجاو و دەستەحەقی گونجاو یەکێکە لە هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان، هەروەها چاولێکەری هۆکارێکی تری کۆچکردنە لەلای گەنجان، تۆڕەکانی کۆچبەران لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری زۆری لەسەر کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران هەیە، هەروەها هۆکارێکی تری کۆچکردنی گەنجان بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی داهاتی خێزانەکانیانە.

**کلیلە وشەکان:** کۆچ، گەنج، کۆچبەر

## پێشەکی:

لەم ڕۆژگارەدا پرســـی کۆچبەری یەکێکە لە پرســـە هەرە گرنگەکانی نێو زۆربەی وڵاتانی دونیا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەیەکی بەرچاو کۆچبەر ڕویی تێدەکات. هەروەها لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی ڕو لە وڵاتانی تر دەکەن و بە هۆکاری جیاواز کۆچدەکەن. بۆیە لەســـەر ئاســـتی دونیا چەندین ڕێکخراوی لۆکاڵی و جیهانی کار لەســـەر پرســـی کۆچبەر و ماف و هۆکارەکانی دەکەن. هەرێمی کوردســـتانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەماوەی چەند دەیەی ڕابردودا چەندین شـەپۆلی گەورەی کۆچکردنی بەرەو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای بەخۆوە بینیوە، وەکو شەپۆلی کۆچکردنی ساڵانی حەفتاکان و ســـاڵانی نەوەدەکان، هەروەها نوێترین شـــەپۆلی کۆچکردنیش لە هەرێمی کوردســـتان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی (٢٠١٤) کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، بەڵام لەم شەپۆلی کۆچکردنەدا ئەوەی جێگایی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کۆچدەکەن بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا گەنجەکانن، ئەمەش چەندین هۆکاری جیاوازی لە پشـــتە، هەر لە هۆکاری ئابوری بگرە هەتاوەکو هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و دەرونی ســـیاســـی و ئەمنی و نادادپەروەری. لەلایەکی تر کۆچکردنی ئەو ژمارە زۆرە لە گەنجەکان کاریگەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر تەواوی کایەکانی کۆمەڵگا، چونکە توێژی گەنج گەورەترین و گرنگترین ســـەرمایەی مرۆیی هەر کۆمەڵگایەکە، لەلایەکی تر گەنج ســـەرچاوەی وزەو هێزی کارو گۆڕانکارییەکانە لە سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، بۆیە ئەستەمە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو بەبێ بونی ئەم توێژە هەبێت. بۆیە ئەگەر بێتو ئەم شـــەپۆلەی کۆچکردنی گەنجان بەردەوام بێت، ئەوا لە چەند دەیەی داهاتودا بۆشایی گەورە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردیدا دروستدەبێت کە چارەسەرکردنی کارێکی ئەوەندە ئاسان نابێت.

## بەشی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

## باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

### ١_ گرفتی توێژینەوەکە:

لە ئێســـتادا لە باشـــوری کوردســـتان کۆچکردن بوە بە دیاردەیەک بە ئاشـکرا هەسـتی پێدەکرێت، بەتایبەت لە نێو توێژی گەنجان، گرفتی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە خستنەڕو و شیکردنەوەی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە پاڵ بە گەنجەکانەوە دەنێن کۆچبکەن بۆ هەندەران ئەویش لەژێر ڕۆشـــنایی تیۆرەکانی کۆچکردندا، واتە ئەو هۆکارانە چین کە گەنجەکان لە نیشـــتیمانی دایکەوە بۆ نیشـــتیمانێکی نامۆ و نادیار دەبات؟

بۆیە گرفتی ســەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خســتنەڕو شــیکردنەوەی گرنگترین هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران، ئەویش لە ڕێگەی چەند پرسیارێک لەوانە:

١_ ئایا چاولێکەری لە نێو توێژی گەنجان هۆکارە بۆ کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران؟

٢_ ئایا نەبونی دەرفەتی کاری گونجاو و دەست حەقی گونجاو هۆکارن بۆ کۆچکردنی گەنجان؟

٣_ خێزانی کوردی تا چەند ڕازین لە ناردنی گەنجەکانیان بۆ هەندەران؟

## 2_ گرنگی توێژینەوکە:

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی کارێکی سادەو ئاسان نییە، بەڵکو بەرهەمی چەندین هەوڵ و ماندوبون و شــەونخونییە، لەلایەکی تر زاڵبونە بەســــەر چەندین گرفت و تەگەرەدا، کە لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا ڕوبەڕوی توێژەر دەبێتەوە، سەرەڕای ئەمانەش لەڕوی مادییەوە بودجەیەکی تایبەت بەخۆی دەوێت.

بۆیە هەمو توێژینەوەیەک گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێ لە دو تەوەردا خزمەت بە ڕەوتی زانستی و ژیانی مرۆڤەکان بکات(شوانی، ٢٠١٣،١٤٤).

تەوەری یەکەم: بریتیە لە بواری تیۆری، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بڕێکی باش لە زانیاری و مەعریفە دەربارەی هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان و ئەو لێکەوتە کۆمەڵایەتیانەی کە لەدەرئەنجامی کۆچکردنی گەنجان لە سەر خێزان و دواتریش لەسەر کۆمەڵگە دەردەکەون.

ئەمەش بەهۆی دانانی گریمانەو سـەلماندنی لە کاری مەیدانیدا، هەروەها لە ئەنجامی بەکارهێنانی تیۆر و گەڕان و پشکنینی سەرچاوەکانەوە، بڕێکی زۆر لە زانیاری تیۆری لەسەر بابەتەکە کۆدەکاتەوە.

بۆیە بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفە، سەبارەت بەم بابەتە گرنگییەکی تایبەت بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان فەراهەم دەکات، بەتایبەت بۆ زانستی کۆمەڵناسی.

## 3_ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی توێژینەوە بەشــێوەیەکی گشـــتی دادەنرین و هەوڵدەدرێت لە پرۆژەی توێژینەوەکەدا بەدیبهێنێن، یاخود ســــنوردارتر و وردتر دەکرێنەوە چونکە مەبەســــتە تایبەتەکانی توێژینەوە دیاری دەکەن(بۆکانی، ٢٠١٦، ٤٩).

ئامانجی توێژینەوە ڕاســــتەوخۆ بەســــتراوەتەوە بەگرفت و پرســــیارەکانی توێژینەوە، چونکە دانان و داڕشـــتنی گرفت و پرســــیارەکانی توێژینەوە، دەبنە هۆی داڕشـــتنەوەی ئامانجی توێژینەوەکە، هەروەها ئامانجەکانی توێژینەوە پێویســــتە بەشـــێوەیەکی ورد و چڕ دابڕێژرێت و توانای پێوانەکردنیان هەبێت، بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانجمان دیاریکردوە ئەوانیش بریتین لە:

١_ کاریگەری لایەنی ئابوری لەسەر کۆچکردنی گەنجان.

٢_کاریگەری نەبونی درفەتی کاری گونجاو لە کەرتی گشـــتی و تایبەتدا لەســـەر کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران.

٣_ کاریگەری چاولێکەری لەسەر کۆچکردنی گەنجان

## باسی دوەم: پاشخانی تیۆری و پێداچونەوەی توێژینەوەکانی پێشو:

### یەکەم: پێناسەکردنی چەمکەکان

### 1_ کۆچکردن_ الهجرة _Immigration.

کۆچکردن بریتییە لە بزاوتی مرۆڤ، وەکو تاک یاخود گروپ، بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشـەیی، لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تر، واتە کۆچکردن دیاردەیەکە لە هەمو کات و شـوێنێکدا ڕودەدات لە سـنوری سیاسی وڵاتێک یان لە وڵاتیکەوە بۆ وڵاتێکیی تر (فؤاد: ٢٠١٤: ١٠٦).

کۆچکردن بریتییە لە پرۆســەی جوڵان و گواســتنەوە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکیتر، بە مەبەســتی باشــکردنی ژیان و گوزەرانی ئابوری، یان ڕاکردن لە بارودۆخی ســروشــتی خراپ، وەک بومەلەرزە و کەشی نالەبار یان تەنگەشەی سیاسی(ابراهیم، 2015، 150)

هەروەها ڕێکخراوی (IOM) دەڵێت کۆچکردن بریتییە لە بزاوتی ئەو کەسـانەی کە وڵاتی ڕەسـەنی خۆیان بەجێدەهێڵن بەرەو وڵاتیکی تر، واتە سنوری نێودەوڵەتی دەبڕن، بە مەبەستی مانەوە بۆ هەمیشەیی یاخود نیمچە هەمیشەیی(IOM,2019.25).

### پێناسەی ڕێکاری تویژەر بۆ چەمکی کۆچکردن

کۆچکردن بریتییە پرۆســـەی جوڵانی تاک یاخود گروپ لە وڵاتیک بۆ وڵاتیکی تر، بەشـــێوەیەکی خۆویســتانە یاخود زۆرەملێ، بە مەبەســتی گەیشــتن بە ژیانیکی ئاســودەتر و هێمن تر، هەروەها هەڵاتن لەدەست تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان.

### 2_ گەنج _ الشباب_ Youth

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی (١٩٨٥)دا، پێناسەی گەنجی کردوە بەوەی کە بریتین لەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٥بۆ ٢٤) ساڵیدایە(UN,2001,2)

گەنج قۆناغێکی تەمەنی دیاریکراوە، کە لەو قۆناغەدا توانایی گەشـــەکردنی جدی هەیە لە بوارەکانی بایەلۆجی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و عەقلی و پەروەردەیی، هەروەها لەو قۆناغەدا گەنج توانایی داهێنان و بەشداریکردنی لە هێنانەدی گۆڕان و گەشەکردنی لە کۆمەڵگادا هەیە (صبحي،2002، 35).

هەروەها گەنج لە ڕوانگەی کۆمەڵناسـیدا بریتییە لەو توێژەی کە لە ناوخۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک ئاماژەی کولتوری و کۆمەڵایەتییە و لەگەڵ ئەوەشـدا مەیلی ئەم توێژە بۆ لای سـەربەخۆیی و ڕزگاربون لە دەسـەڵاتی دایک و باوک و سـەرجەم دەسـەڵاتە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان زیاددەکات و هەوڵدەدات بچێتە ژێر بەرپرسـیارەتییەوەو ڕۆڵی جیاجیا بگێڕێت لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا کە هیچی کەمتر نەبێت لە ڕۆڵی گەورەکان(تەلعەت، ٢٠٠٦، ١٤).

هەروەها گەنج لە ڕوانگەی زەمەنەوە بریتین لەو کەسـانەی کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٦_ ٣٠) سـاڵ، لەگەڵ ئەوەشـدا لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە گەنج پێناسـەدەکرێت بەو کەسـانەی کەوا قۆناغی هەرزەکاری تێدەپەڕینن و نیشـانەکانی پێگەیشـتنیان لەڕوی سـایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و بایەلۆجی تیادا دەردەکەوێت(برکات، ٢٠٠٨، ٨).

لەگەڵ ئەوەشـدا گەنج سـەردەمێکە لە پێگەیشـتنی جەسـتەیی، و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمەش بریتین لە ناسەقامگیری ناوەکی و سۆزاوی و دژایەتی و سەربەخۆیی هەروەها کەلەڕەقی لە قبوڵکردنی ڕۆڵەکان(Abdiraiymova,2016, 9).

### پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ چەمکی گەنج

گەنج بریتییە لەو سـەردەمەی کە لە کۆتایی قۆناغی منداڵیدا دەسـتپێدەکات و لە قۆناغی پێگەیشـتنی تەواو کۆتاییدێت، ئەم سەردەمەش بەگشتی دەکەوێتە نێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٤٠ساڵی.

### 3_کۆچبەر_ المهاجر_Immigrant

بەپێی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی(IOM) کۆچبەر کەسـێکە کە سـنوری نێودەوڵەتی دەبەزێنێت، یان بەزاندویەتی یاخود لەناو وڵاتی خۆیدا ئەو کارەی کردوە دور لە شوێنی نیشتەجێبونی خۆی، بۆیە هەر کەسـێک ئەو تایبەتمەندییانەی تێدابێت پێی دەوترێت کۆچبەر بەبێ گوێدانە بارودۆخی یاسـایی یاخود ئەوەی ئایا ئازادانە بڕیاری داوە یان نا، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری کۆچکردنەکەشی گرنگ نییە.

### دوەم:تیۆرییەکانی توێژینەوەکە:

### 1_تیۆری پاڵپێوەنان و ڕاکێشان :Push and Pull Factor Theory

لە کۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵێک تیۆر گەشـەیانکرد لە بوارە جیاوازەکانی زانسـتی کۆمەڵایەتیدا، کە ئامانج لێیان تێگەیشـتن بوە لە پرۆسـەکانی کۆچ، ڕوانگەی ئەم تیۆرانەش سـەبارەت بە گریمانەکان و بنچینە و ئاسـتی شـیکردنەوەیان بۆ پرۆسـەی کۆچ جیاوازبو(CASTLES,2014, 26) هەروەها کۆچ وەکو دیاردەیەکی جیهانی کۆمەڵێک ڕاڤەی جیاوازی لەلایەن کۆمەڵێک زاناوە بۆ کراوە، و یەکەمین زانا کە ڕاڤەی دیاردەی کۆچی کردوە (جۆرج ڕاڤنشتاینە) کە لە سەرەتایی ساڵی(١٨٨٠) لە میانەی

توێژینەوەكەیدا كۆمەڵێك یاسای دیاریكردوە بەناوی یاساكانی كۆچ (JANSEN,1970, 10) لەم هەوڵەدا ڕاڤنشتاین بزاوتەكانی دانیشتوانی لە بەریتانیایی مەزن خستە ژێر لێكۆڵینەوە، سەرەنجام ژمارەیەكی كەمی تۆمارەكانی كۆچی لە ئینگلتەڕا بەدەســـتهێنا، بەڵام لە كاتێكی كورت و گونجاودا لەو تۆمارانە هەندێك بنەمـای بەرهەمهێنـا و كۆمەڵێـك گشـــتـانـدنی بڵاوكردەوە كە تـاوەكو ئێســـتـاش بەڕادەیەكی زۆر بەكاردەهێنرێن(سمحە، سهاونە، ٢٠٠٩، ١٦٧).

كرۆكی تیۆرەكەی (جۆرج راڤنســتاین) بریتییە لەوەی كە وا كۆچكردن بە شــێوەی ڕێكەوت ڕونادات، بەڵكو یاســـاو هۆكاری تایبەت بەســـەریدا زاڵە، كە ئەوانیش بریتین لە هۆكاری پاڵپێوەنان و هۆكاری ڕاكێشـــان، ســـەبارەت بە هۆكاری پاڵپێوەنان لەو كاتانەدا ڕودەدات كەوا تاكەكان لە شـــوێنێكی دیاریكراو دەكەونە ژێر كاریگەری هۆكارەكانی ناهاوســـەنگی كۆمەڵایەتی و ئابوری، ئەمەش وا لە تاكەكانی ئەو ناوچەیە دەكات ڕێگەی كۆچ بگرنەبەر بۆ ئەو شـــوێنانەی كە هەلی كار و هاوســـەنگی كۆمەڵایەتی ئابوری تێدا دەســتەبەرە ئەوەش لەژێر كاریگەریی هۆكاری ڕاكێشــان و فریودەر، هەروەها كۆچ لە ژێر ڕۆشــنایی هۆكارەكانی پاڵپێوەنان و ڕاكێشـان بەشـێوەیەكی توند پەیوەسـتن بە هۆكارەكانی قاتوقڕی و برسـییەتی و شـەڕی ناوەخۆو هەروەها ڕوداوە سـروشـتییەكان، لەو كاتانەش بژاردەی مانەوە لە شـوێنی ڕەسـەن زۆر كەمە، چـونـكە تــاك بـژاردەی تـری لە بەردەمە ئەویـش كـۆچـكـردنە بـۆ شـــــوێـنـێـكـی ئـارام و سەلامەت(عبدالحسین،٢٠١٨، ٢٠٨).

**ئەو یاساو گشتاندنانەی جۆرج ڕاڤنشتاین لە توێژینەوەكەی پێیگەیشتوە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

١_ هەمو تەوژمێكی كۆچ بەرامبەرە بە تەوژمیكی پێچەوانە، كە بە نزیكەیی لە قەبارەدا هاوشێوەن.

٢_ خەڵكی نیشتەجێی شار كەمتر مەیلی كۆچیان هەیە بە بەراورد بە خەڵكی لادێ.

٣_ زۆربەی كۆچبەران دورییەكی كەم دەبڕن بۆ كۆچكردن.

٤_كۆچكردن لە لادێوە بۆ شار، و لە شار بۆ لادێ بە قۆناغبەندیدا تێدەپەڕێت.

٥_ جوڵانی تەوژمی كۆچكردن لە لادێوە بۆ وڵاتەكان دەبێت، لە وڵاتە گەورەكان بۆ شـــارە بچوكەكان دەبێت، لە شارە بچوكەكانیش بۆ شارە گەورەكان دەبێت.

٦_ كۆچبەران كۆچدەكەن بۆ ناوەندە بازرگانی و پیشەسازییە گەورەكان.

٧_ ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر كۆچدەكەن.

٨_ كۆچبەران دورییەكی درێژ دەبڕن بەرەو شارە گەورەكان.

٩_ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا ڕێژەی كۆچكردن زیاد دەكات.

١٠_ سەرەڕایی فرەیی هاندان و هۆکارەکانی کۆچکردن، باشترکردنی ڕەوشی ژیان لە پێشەنگی هۆکار و هاندانەکان دایە(علی،١٩٨٥، ٢٢٤_٢٢٥).

(ئیڤەرت لی) لە ســـالّی( ١٩٦٦) وتارێکی بلاّکردەوە بە ناوی تیۆرەکانی کۆچ، لە میانەی ئەو تیۆرەیدا وێڕای هەڵســـەنگاندنی کارەکانی ڕاڤنشـــتاین، لە تیۆرەکەی خۆی هۆکارەکانی پاڵپێوەنان و ڕاکێشـــانی خســـتەڕو، واتە چوارچێوەیەکی گرنگی خســـتەڕو کە کۆمەڵێک گریمانەی لەســـەر قەبارەو تەوژم و تایەتمەندییەکانی کۆچ لەخۆدەگرت، سەرەتا بە پۆلێنکردنی ئەو توخمانە دەستیپێکرد کە کاریگەربون بەسەر کۆچەوە، بەم شێوەیە:


١_ ئەو فاکتەرانەی پەیوەستن بە شوێنی ڕەسەنی کۆچکەران.

٢_ ئەو فاکتەرانەی پەیوەستن بە شوێنی بۆ هاتوی (شوێنی دوەمی کۆچکەران).

٣_ ئەو بەربەســـتانەی نێوان شـــوێنی ڕەســـەن و شـــوێنی بۆ هاتو کە دەبێت کۆچبەر بیانبڕێ و پێیان دەوترێت بەربەستە مەودابییەکان (واتە ئەو بەربەستانەی کە دەکەونە نێوان هەردو وڵاتەکە).

٤_ فاکتەرە کەسییەکان. (سمحە، سهاونە، ٢٠٠٩، ١٦٨).

ســێ یەکەمی ئەو خاڵانەی ســەرەوە نیشــان دەدرین لەو هێڵکارییەی خوارەوە، کە لە هەمو شــوێنێک هۆکاری بێشــومار هەن کە کاردەکەنە ســەر خەڵک تاوەکو لە شــوێنی خۆی بمینێتەوە یاخو کۆچ بکات، لە هێڵکارییەکەدا هێمایی (کۆ) و (کەم) و (ســفری) تێدایە، هێما ســالبەکان ئاماژەن بەو فاکتەرانەی کە لەلایەن خەڵکی نێگەتیڤن، هەروەها هێما موجەبەکانیش ئەو فاکتەرانەن کە تاک بە باشیان دەزانێت، بەڵام سفرەکان ئاماژەی ئەو توخمانەن کە تاکەکان هیچ گرنگیان پێنادەن(Lee, 1966, 47)



هەروەها (لی) دەریخست هەلومەرج و ڕەوتی باش هەمیشە ڕاکێشەرە، بەڵام کەشوهەوای خراپ نەخوازراو هەمیشە وەدەرنەری دانیشتوانە، بۆیە (لی) چەندین هۆکاری تاکەکەسی دەستنیشان کرد وەک تەمەن و باری تەندورستی و باری کۆمەڵایەتی و ژمارەی منداڵ، کە زۆر جار بڕیار دەدەن کۆچ بکەن یاخود نا، چونکە لی زیاتر بایەخی بە توخمی سێیەم و چوارەم دابو، چونکە ئەو باسی لەکۆسپ و تەگەرەکانی کۆچیش کردوە، بۆیە پێیوابو کۆچبەر بەرلەوەی کۆچ بکات مەترسی و بەربەستەکانی کۆچ لەبەرچاوبگرێت، وەک گوژمەی پێویست پۆلیسی سنور و لایەنی دەرونی وەک دابڕان و غەریبی و دورکەوتنەوە لە خزم و کەسوکارو هەروەها کۆمەڵگاش، بەتایبەت ئەگەر کۆچێکی دورمەودابێت(بوادقجي، خوري،2002، 163)

لە کۆتایی ئەم تیۆرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت، کە تا چەند هۆکارەکانی پاڵپێوەنان و ڕاکێشان لەگەڵ یاساکانی جۆرج ڕاڤنشتاین سەبارەت کۆچ بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا دەچەسپێت؟

## 2_تیۆری نیوکلاسیک Neoclassical Theory

ئەم تیۆرە کۆنترین و ناسراوترین تیۆری کۆچکردنی نێودەوڵەتییە، کەوا کاریگەری کۆچکردنی دەستی کار لەسەر گەشەی ئابوری ڕوندەکاتەوە، بەپێی ئەم تیۆرە لەئاستی ماکرۆدا هۆکاری کۆچکردنی نێودەوڵەتی بریتییە لە ناهاوسەنگی جوگرافی داواکاری و دابینکردنی دەستیکار، بەجۆرێک لە هەندێک ناوچە هەلی کار و کرێی دەستی کرێکار زۆر کەم و تاقەت پڕوکێنە، بۆیە کرێکارەکان دەیانەوێت کۆچ بکەن بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەلی کارو کرێی دەستی کرێکار لە ئاستێکی بەرزدایە ( Wimalaratana, 2017,21_22)

ئەم مۆدێلی کۆچکردنەش لە بنەڕەتەوە لە پرۆسەی گەشەکردنی ئابوری هەریەک لە کارەکانی (لویس) لە ساڵی (١٩٥٤) و (هیکس) لەساڵی (١٩٦٣) هەروەها (هاریس و تۆدارۆ) لە ساڵی (١٩٧٠) کەوا تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کەوا کۆچکردن لە ئەنجامی جیاوازی ڕاستەقینە لە حەقدەستی کرێکاران لە ناوچە جیاوازەکاندا ڕودەدات، چونکە لەو ڕوەوە نەگونجانێکی زۆر لە نێوان وڵاتەکاندا هەیە، هەروەها ئارگیۆمێنتی ئەم تیۆرە بونی پەیوەندییەکی هێڵیانەیە لە نێوان جیاوازی لە حەقدەستەکان و تەوژمی کۆچدا، بەڵام لە نوێترین تێڕوانینەکانی ئەم تیۆرەدا کۆچکردن دەرئەنجامی چاوەڕوانی داهاتی واقیعی نییە، بەڵکو کۆچ لە ئەنجامی بونی هەلی کارە(Kurekova, 2011, 5).

بەجۆرێک ئەو وڵاتانەی کەوا بەهرەیەکی باشی دەستی کار و سەرمایەکی ئابوری پێویستیان بەردەستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕێکی نزمی کارو هەقدەستێکی نزم و ناهاوسەنگیان هەیە، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانەی ڕێژەیەکی نزم و سنورداری کرێکار و سەرمایەکی ئابوری گونجاویان هەیە، بەڵام بازاڕێکی

باشـــی کرێکار و هەقدەســـتێکی باش و گونجاویان هەیە، دەرئەنجامی ئەو جیاوازییەش دەبێتەهۆی کۆچکردنی کرێکاران لە وڵاتانی کرێ و هەقدەستی کەم بۆ وڵاتانی کرێی زۆر، لە ئەنجامدا دەستی کار لە وڵاتە هەژارەکان کەم دەبێت و هەقدەست بەرزدەبێت(Massey, 1993, 434).

هەروەها ئەم بیردۆزە لەســەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو هاوسـەنگی دەچن، بەجۆرێک ئەم تیۆرە ڕەگ و ڕیشـــەی دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێرنیزەشـــن، کە کۆچ وەکو پێکهێنەرێکی ســەرەکی یاخود بەشـێکی ســەرەکی لە هەمو پرۆســەکانی گەشـەســەندن دەبینێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە زیادکردنی دەست و هێزی کار بۆ ئابوری و پیشەسازی و شارستانی(CASTLES, 2014, 29).

هەروەها جۆن ســـتیوارت میل بەرگری لەو جۆرە کۆچەکردو، چونکە پێیوابو دەتوانرێت ســـود لەو کرێکارانە وەربگیرێت بۆ وەبەرهێنانی ســـەرمایەی زیاتر، بەڵام بەمەرجێک ڕێگری بکرێت لە ناردنەوەی سەرمایە لەلایەن کرێکارەکانەوە بۆ وڵاتی خۆیان(Portes, 2014, 9).

لە کۆتایی ئەم تیۆرەدا پرســیارێکی جەوهەری دروســت دەبێت، ئەویش بریتییە لەو پرســیارەی کە تا چەند کەمی کرێی و کەمی داهاتی تاک دەبنە هۆی کۆچکردنی گەنجان لە کۆمەڵگەی باشـوری کوردســتان بۆ هەندەران.

## 3_ تیۆری ئابوری نوێی کۆچکردن The New Economic Theory of migration

لە ناوەڕاستی ساڵانی١٩٨٠ دا هەندێک لە گریمانەکانی تیۆری نیو کلاسیک لە سەر ئاستی micro، لەلایەن( ســـتارک) و(بلوم) ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا، ئەمانە پێیان وابو کۆچکردن بڕیارێک نییە لەلایەن خۆدی تاکەکانەوە درابێت، بەڵکو بڕیاری کۆچکردن لەلایەن یەکەی گەورەتر و پەیوەندیدار دەردەچێت وەکو خێزان و کەســوکار، واتە خێزانەکان نەک تەنها نایانەوێت داهاتی پێشـــبینیکراویان کەم بێتەوە بەڵکو دەیانەوێت مەترسی لە دەستدانی داهاتەکانیان کەم بکەنەوە(Olejarova,2007,21).

بۆیە ئەم تیۆرە کۆچکردن وەکو ســتراتیژێکی خێزانی دەبینێت بۆ دابینکردنی ســەرمایە بۆ وەبەرهێنان لە چالاکییە ئابورییەکانیاندا، واتە کۆچکردن زۆرجار بۆ بەدەســتهێنانی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی باشــتر دەکرێت(Haas,2008,34).

لەگەڵ ئەوەشــدا تیۆری نوێی ئابوری کۆچکردن ســروشــتی دیاریکەرانی بڕیاری کۆچکردنی گۆڕی لە ســـەربەخۆیی تاک بۆ یەکتربەســـتی هاوبەش، واتا خێزانەکان بڕیاری کۆچکردنی یەکێک لە ئەندامەکانی دەدات، ئەویش لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەست بە وڵاتی خانەخوێ، بۆیە بڕیاری کۆچکردن بە تەواوی لەســـەر بنەمای ســـودی تاکە کەســـی نییە، بەڵکو وەڵام و بڕیارێکی خێزانین بۆ مەترســـییە جۆراوجۆرەکانی بازاڕ داهاتی خێزان(Kurekova,2011, 7)

هەروەهـا یەکێـک لە فـاکتەرە گرنگەکـانی کۆچکردن لەم تیۆرە بریتییە لە چوارچێوەی گروپ و کۆمەڵگە، کە دەکرێت پەیوەســـت بێت بە چەمکی بێبەشـــکردنی ڕێژەیی نەک هەژارییەکی ڕەها، واتە ئەم ڕێبـازە پێیوایە کۆچکردن بیرۆکەیەکی ڕەهـا نییە بەڵکو پەیوەنـدی بە جیـاوازی داهـات لە چوارچێوەی گروپەوە هەیە. چونکە زۆر جار هەژارەکان بەتەواوی بێبەش دەکرێن لە توانای کۆچکردن ( Marques, 2001, 17).

تیۆری ئابوری نوێی کۆچکردن پێیوایە ناکرێت هۆکاری کۆچکردن تەنها بەجیاوازی داهاتی خێزان ببەسترێتەوە، بەڵکو وای دەبینێت هۆکارگەلێکی وەکو ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مەترسی داهات و نایەکسانی لەگەڵ دۆخی ســەلامەتی و دامەزراندن، لەگەڵ دەســتگەیشـتنی هەژاران بە بیمەی ســەلامەتی و بازاڕەکانی کار و بەرهەمهێنان دەکرێت گرنگ بێت بۆ بڕیاردانی کۆچکردن( CASTLESE,2014,39).

لە کۆتایی ئەم تیۆرەدا گرنگە ئاماژە بەو پرسیارە بکەین کە ئایا تا چەند خێزانی باشوری کوردستان ڕۆڵی لە بڕیاردانی کۆچکردنی یەکێک لە ئەندامەکانی خۆی هەیە.

## 4 _ تیۆری نێتۆرک Network Theory

تیۆری نێتۆرک ڕێبازێکی سۆسیۆلۆجیە سەبارەت بە کۆچکردن، کە جەخت دەکاتە سەر ئەزمون و وابەستەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگەیەکی هاوبەشدا(Olejarova,2007,17)

زاراوەی کۆچکردنی نێتۆرک بەکاردێت بۆ وەســـفکردنی پڕۆســـەی کۆچکردنی زنجیرەیی، کە خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندی تاکەکەســـی نێوان کۆچبەرانی پێشـــو ئەوانەی بڕیاری کۆچیان داوە، ئەویش لە ڕێگەی پەیوەندی خێزانی و خزمایەتی و هاوڕێیەتی هەروەها لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگەی ڕەســـەن، هەروەها (Massey) لە ســاڵی (١٩٨٩) ڕایگەیاند کاتێک ژمارەی پەیوەندییەکانی ناو تۆڕ دەگاتە ئاســتێکی ڕەخنەیی ئەوا کۆچکردن دەبێتە پڕۆســـەیەکی هەمیشـــەیی چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ بەردەوامبونی پڕۆســـەکە دروســـت دەکات، بۆیە تۆڕ یاخود نێتۆرک ڕۆڵێکی ئاســـانکەر دەبینێت بەتایبەتی بۆ ئەندامانی خێزان و گروپی هاوڕێیان(Haas, 2008,19).

هەروەهــا بیرۆکەکە ئەوەیە کە پەرەســـەنـدنی تۆڕی کۆچبەران لە چوارچێوەی جیهــانگیریـدا کەمکردنەوەی پڕۆســـەکانی کۆچکردن نییە بەڵکو لە ڕاســـتیدا بەرەو گەشـــەســـەندنی زیاتری دەبات، لەم چوارچێوەیەشدا پڕۆسەی کۆچکردنی ناڕێک وەک دیاردەیەکی پەیوەندیدار دەردەکەوێت، بۆیە بە جیهانیبون لە شیکردنەوەی ئەم تیۆرە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت(Echeverria,2020,52).

لەگەڵ ئەوەشـــــدا کـاریگەری نێتۆرک هەڵقولاوی شـــیکردنەوەیەکی کرداری و ئەزمونییە، چونکە کۆچبەران حەزدەکەن بەهایەکی بەرز بدەن بە هاوڕێ و خزمان لە دەســتنیشــانکردنی وڵاتی مەبەســتدار

یاخود وڵاتی کۆچ بۆ کردو، هەروەها تۆڕە نەتەوەییەکان هۆکاریکی گرنگی پشتگیری پێکدینن بۆ کۆچبەران لە پێدانی زانیاری دەربارەی کار و وڵاتی کۆچ بۆکردو بەگشتی(Solimano,2004,6).

لەلایەکی تر کۆچبەران تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردینن بۆ ئاسانکاری کۆچکردنی خزم و کەس و هاوڕێکانیان، چونکە کۆچبەرە لە مێژینەکان خاوەن ئەزمونن و وەکو کۆگایەکی زانیارین سەبارەت بە وڵاتی مەبەستدار، وەکو بازاڕی کار و خزمەتگوزاری بەردەست و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی نوێ و ئەو کێشەو گرفتانەی کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە(Rica,2001, 274)

بۆیە کۆمەڵناسان زۆرجار ئاماژە بە گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن لە نێوان کۆچبەراندا، هەروەها توانای هەیە لە کۆکردنەوەی ئەندامانی گروپە ئیتنیکیەکانی کۆچبەرانی نوێ، چونکە ئەم تۆڕانە سنورە جوگرافیەکانی نێوان وڵاتان بە ئاسانی دەبڕێت(Lee, 741, 2009).

لە ژێر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی ئەم تیۆرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت کە تا چەند تۆڕەکانی کۆچبەران و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆکار بۆ کۆچکردنی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ هەندەران.

## سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوتر:

توێژینەوەکانی پێشوتر ڕێگایەکە توێژەر ئاشنا دەکات بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و بیرۆکەی نوێ سەبارەی بە ئەنجامدانی تەێژینەوەکەی، هەروەها لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت ئاشنابێت بە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە توێژینەوەکانی تێدا ئەنجامدراوە.

**١_ توێژینەوەی (Athumani J. Liviga and Rugatiri D.K. Mekacha) لە ساڵی (1998) بە ناونیشانی (هەژاری و کۆچکردنی گەنجان)**

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە مانەی خوارەوە:**

١_ دیاریکردنی هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان.

٢_ زانینی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کۆچکردنی گەنجان لەسەر کلتور.

٣_ دیاریکردنی کاریگەری کۆچکردن لەسەر گەشەی لادێ و شارنشینی.

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بە میتۆدی بەراوردکاری بەستوە، هەروەها لە کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکاندا سودیان لە ئامرازی چاوپێکەوتن بەستوە، هەروەها نمونەی توێژینەوەکەشیان لە(250) کەس پێکدێت کە بە شێوەی هەڕەمەکی وەرگیراون.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەو توێژینەوەیە پێیگەیشتوە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

١_ کۆچی گەنجان لە لادێوە بۆ شار بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردوە.

٢_ گەنجان زیاتر بە مەبەستی دەستکەوتنی هەلی کاردا کۆچ دەکەن.

٣_ کۆچکردنی بە لێشاوی گەنجان کێشەی نەتەوەیی دروست دەکات.

**٢_توێژینەوەی (أم الخير، سحنون) لە ساڵی (٢٠١٧) بە ناونیشانی (هۆکارەکانی کۆچکردنی نایاسایی لای گەنجانی جەزایری)**

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە مانەی خوارەوە:**

١_ دەستنیشانکردنی هۆکارە گرنگەکانی کۆچکردنی نایاسایی گەنجان.

٢_ دەستنیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی دیاردەی کۆچکردنی نایاسایی گەنجان.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی و میتۆدی مێژویی و میتۆدی توێژینەوەی باری بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکاندا پشتی بە چاوپێکەوتن بەستوە، نمونەی توێژینەوەکەشی لە (٥) کەس پێکهاتوە کە بە شێوەی تۆپەڵە بەفر وەریگرتون.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەو توێژینەوەیە پێیگەیشتوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١_ دیاردەی کۆچکردنی نایاسایی دیاردەیەکی جیهانییە و ڕەگ و ڕیشەی مێژویی هەیە.

٢_ هۆکاری ئابوری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دو هۆکاری بەهێزی دیاردەی کۆچکردنی نایاساییین.

٣_ هەڵگیرسانی شەڕو خراپبونی دۆخی ئەمنی هۆکاری کۆچکردنی نایاسایین.

٤_ هەردو ڕەگەزی نێر و مێ هەوڵدەدەن بە ڕێگەی نایاسایی کۆچبکەن بۆ دەرەوەی وڵات.

**٣_توێژینەوەی (حکیم، موراد) لە ساڵی (٢٠٢٠) بە ناونیشانی (تایبەتمەندییەکانی کۆچبەرانی کوردستان و هۆکارەکانی کۆچکردنیان)**

**ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە مانەی خوارەوە:**

١_دیاریکردنی هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجانی کوردستان، بۆ ساڵی (٢٠١٤ و ٢٠١٥).

٢_ زانینی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی کۆچبەران.

٣_ئاشنابون بە سروشتی ئەو کۆچەی لە هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەستوە، چونکە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری سودی لە پرسیارنامەی ئۆنلاین وەرگرتوە، نمونەی توێژینەوەکەشی لە (١٠٠) کەس پێکهاتوە کە بە شێوەی هەڕەمەکی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەرگیراون.

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەو توێژینەوەیە پێیگەیشتوە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

١_ کۆچبەران بە ڕێژەی زیاتر لە سێ لەسەر چواری ئەم تایبەتمەندیانەیان هەبوە: گەنجبون، سەڵتبون، نێربون، هەروەها خاوەنی داهاتی کەم بون.

٢_ کۆچبەران بەڕێژەیەکی زۆر بەرز ئەم هۆکارانە دەخەنە پاڵ کۆچەکەیان:

- ناسەقامگیری سیاسی
- سنورداری ئازادی تاکەکەسی
- نەبونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی
- نەبونی متمانە بە بەرپرسان

٣_ زیاتر لە سێ لەسەر چواری کۆچبەران پەشیمان نین لە کۆچ و بیر لە گەڕانەوە ناکەنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشە زۆرەکانی هەرێمی کوردستان.

٤_ بەشی زۆری خێزانەکان ڕەزامەندن لەسەر کۆچی ڕۆڵەکانیان و ڕەنگە پشتیوانی دارایشیان کردبن، هەر بۆیە ئەوانەی کە پارەی تەواویان قەرز کردوە ژمارەیان کەمترە لە 20%.

٥_ ڕێژەی کۆچبەران نزیکەی لە 0.5% دانیشتوان بوە.

## بەشی سێیەم: هۆکارەکانی کۆچکردن:

تاکەکان بەگشتی حەزدەکەن لە شوێنیکی دیاریکراودا جێگیربن، بەمەرجێک ئەگەر پێداویستییەکانی ژیانیان لە ڕوی ماددی و مەعنەوییەوە فەراهەم بێت، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکان بگۆڕین و لەبارنەبن بۆ ژیان بەهەر هۆکارێک ئەوا ناچاردەبن بەرەو شوێنێکی تر کۆچبکەن. هۆکارەکانی کۆچکردنیش جیاوازە لە کەسێک بۆ کەسێکی تر، چونکە پەروەردەو ڕۆشنبیری تاکەکان ڕۆڵی سەرەکییان لەو بوارەدا هەیە(الخفاف،١٩٨٦، ٢٨٢).

لەسەردەمی ئێستاشدا پرۆسەی کۆچکردن لەسەرانسەری جیهان پێگەی یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی جیهانی بەدەستهێناوە، لە نێویاندا ئەوروپاو ئەمریکاو ڕوسیا بەجۆرێک ڕێژەیەکی یەکجار زۆری تێپەڕاندوە. بەپێی ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری کۆچبەران لە جنێڤ تا کۆتایی ساڵی 2014 ژمارەی کۆچبەرانی جیهان گەیشتۆتە (59) ملیۆن و 500 هەزار کۆچبەر (Artemyeva. 2016, 6122).

### بۆیە دەکرێ کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز وەرگرین وەکو پاڵنەرێک بۆ دیاردەی کۆچکردن:

### ١_ هۆکارە ئابورییەکان:

زۆر جار هۆکارە ئابورییەکان دەبنە هۆی دروستبونی کۆچی نێوخۆیی و کۆچی نێودەوڵەتی، چونکە هەمو ئەو کەسانەی کە کۆچدەکەن هیوایی دۆخێکی ماددی باشتر دەکەن لە ژیانیان، لەبەرئەوە ئەو و شوێنانەی هەلی کار و دۆخێکی ئابوری باش دەڕەخسێنن سەرنجی کۆچبەران بۆ لایی خۆیان ڕادەکێشن، لەگەڵ ئەوەشدا هەمو کەسێک دەرفەتی ئەوەی بۆ ناڕەخسێت کە لەڕێگەی کۆچەوە دۆخێکی بەرزی ژیان بەدەست بێنێت(عزیز،١٩٨٤، ٢٤٩).

باشـوری کوردسـتانیش قەوارەیەکی پیشـەسـازی نییەو هەروەها تەواو کشـتوکاڵیش نییە و کۆمپانیایی گەورەی پیشـەسـازی و کشـتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵی تێدانییە، هەروەها لە لیسـتی وڵاتانی جیهانی سێیەمیشدا نییە بۆیە کیانێکی ئابوری و سیاسی سەربەخۆو جێگیری نییە، هەروەها لەڕوی بازرگانیشەوە کیانێکی ئەوتۆیی بازرگانی یەکگرتویی نییە تا لە ڕێی کەرتە تایبەت و گشـتیەکانەوە پڕۆژە بازرگانی و ئابورییەکان بخاتەگەڕ (جەبار، ٢٠٠١، ٨٦).

بۆیە ئەو قەیرانە ئابوریانەی ڕوی لە هەرێمی کوردستان کردوە بە یەکێک لە هۆکارەکان دادەنرێت بۆ کۆچی گەنجان و جێهێشتنی زێد و خاک و نیشتیمان بەتایبەتی قەیرانی بودجەو موچەو شەڕی داعش، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم قەیرانانەش بێکاری وەک یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی گەنجان دەرکەوت، چونکە دابینکردن و بەدەستهێنانی پێداویستییە بنەڕەتی و سەرەتاییەکان لەلای گەنجی باشوری کوردستان بۆتە کێشـەیەکی گەورە و کاریگەری نەرێنی لە ناخ و توانا و وزەکانی گەنج کردوە ئەمەش پاڵی بە گەنجەکان ناوە بۆ بیرکردنەوە لە کۆچ و گەڕان بەدوای کار و دابینکردنی داهاتویان لە دەرەوەی وڵات(ئەسـکەندەر، ٢٠١٦، ٧٨_٧٩).

لەبەرئەوەی زۆرێک لە گەنجان بەتایبەت لە دوایی تەواوکردنی خوێندن کاریان دەستناکەوێت جا چ لە کەرتی گشـتی بێت یاخود لە کەرتی تایبەت. لەم قۆناغەی تەمەنی گەنجانیشـدا پێداویسـتی و داخوازی گەنج لەزیادبوندایە، چونکە گەنج لەم قۆناغەدا پێکهێنانی ژیانی هاسـەرگیری و دروسـتکردنی ماڵ و ئۆتۆمبێل بەتەواوی بیرو هۆشـی داگیردەکات، بۆیە کاتێک دەگات بەو بڕوایەی کە ئەسـتەمە داخوازی و ئامانجەکانی بێنەدی ناچار بیر لە کۆچکردن دەکاتەوە.

## ٢_ هۆکاری کۆمەڵایەتی:

چەند ڕاپرسـییەک لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵناسـی و دەرونناسـی ئەنجامدراون، هەوڵیان داوە ڕۆڵ و گرنگی هۆکاری کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسـەر بڕیاردانی تاک بۆ کۆچکردن دەسـتنیشـان بکەن، (علی،٢٠١٢، ٢١٨).

هەروەها پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردن پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پاڵنەرە ئابورییەکان هەیە، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان سیستەمی ئابوری و سیستەمی خێزان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا هەیە (الماضي، منديل،2017، 189).

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان خراپی دۆخی کۆمەڵایەتییە کە خۆی دەبینێتەوە لە لاوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها شڵەژانی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان(الراوی،٢٠١٣، ٤٧).

چونکە پیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەردەوامیان هەیە لە دیاریکردنی قەبارەی کۆچکردن، چونکە لەگەڵ دەسپێکردنی ڕەوتی کۆچکردن لە نێوان وڵاتاندا ژمارەی کۆچبەران زیاد دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە شەپۆلی یەکەمی کۆچبەران زانیاری دەنێرن بۆ هاوڕێ و کەسی نزیکی خۆیان لە وڵاتی ڕەسەنی خۆیاندا. لەلایەکی تر دابینکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و بیمەی کۆمەڵایەتی خۆشگوزەرانی کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر هاندان بۆ مانەوەو کۆچنەکردن، چونکە مەبەست لەدابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە پاراستنی تاکە لە هەژاری و بێ ئومێدی(عزیز،١٩٨٤، ٢٥٤).

هەروەها چاولێککردن بەتایبەت لایەنە خراپەکەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر زەقە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. کەسێک کارێک بکات کەسانی دیکەش بێ ئەوەی بیر لە ئاکامەکەی بکەنەوە هەمان کار دەکەنەوە، ئینجا کاتێک یەکێک کۆچ بکات و لە ئەوروپا جێگیر بێت و دەنگوباسی بگاتەوە ئەوا کەسانی دیکەش دەکەونە خەیاڵی کۆچکردن ئیدی بەو شێوەیە پڕۆسەکە پەرەدەسێنێ(غەفور،٢٠١٢، ٢٤١).

## ٣_ هۆکاری سیاسی

سەبارەت بە بارودۆخی عێراق نیگەرانیەکی زۆر سەبارەت بە ئاسایش و ئارامی بڵاوکراوەتەوە، وەک کرداری سەربازی و تیرۆریزم و هەروەها هەڕەشەو توندوتیژی تاکەکەسی ئامانجدار کە لەلایەن گروپە چەکدارە نەناسراوەکانەوە ئەنجام دەدرێن ئینجا چ سەر بە گروپی سیاسی بن یاخود ئاینی یان باندی تاوانباران، چونکە ئەمانە بەشێکی سەرەکی هۆکاری کۆچکردنن، هەرچەندە ئەو دۆسیانە لە هەرێمی کوردستانیش بونیان هەیەو بە شێوەیەکی ڕاستەقینەن، بەڵام زۆرینەی کەیسەکان پەیوەندیان بە ئینتیمایی سیاسیەوە هەیە، لە عێراق بە گشتی واتە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەلایەکی ترەوە بە هۆی نزیکی شار و گوندەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرەکانی تیرۆریزمەو نائارامی و ناسەقامگیرییەکی زۆری لەلایی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروستکردوە، کە ئەمەش ترس و قەلەقی و دڕدۆنگیەکی زۆری لە هەرێمی کوردستان دروستکردوە (IOM,2016,7).

لە لایەکی تر توندوتیژییەکانی نێوان وڵاتان و دروستبونی ناسەقامگیری سیاسی، هەروەها دروستبونی ڕوداوی خێرایی وەک هەڵگیرسانی جەنگ و ململانێی نەژادی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بارودۆخ بۆ کۆچی بە لێشاو دروست دەکات(EUROPEAN COMMISSION,2000,4)

بۆیە هۆکاری سیاسی پەیوەستە بە نەبونی سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی و بەشداری سیاسی، هەروەها نەبونی بەشداری لە دەسەڵات و نەبونی پۆسەی هەڵبژاردن و گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات چەوساندنەوەی سیاسی و جیاوازی نەژادی و مەزهەبی گرنگترین هۆکاری سیاسی کۆچکردنن(ابو زید، 2019، 31).

بۆیە ئەگەر پرۆسەی چاکسازی لە بواری سیاسی و ئابوری سەرکەوتو بێت ئەوا ئومێدی زیاتر بە گەنجەکان دەبەخشێت تاوەکو داهاتوی خۆیان لە وڵاتی ڕەسەنی خۆیان بنیاتبنێن، بەڵام ئەگەر پڕۆسەی چاکسازی شکستی هێنا و بارودۆخی سیاسی و ئابوری بە چەقبەستویی مایەوە ئەوا لێشاوی کۆچکردن بۆ ئەو ناوچانەی کە لە ڕویی سیاسی و ئابورییەوە ئارامن بەردەوام دەبێت(CASTLES, 2014, 196).

هەروەها ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان حزبە کوردییەکان و بەسیاسیکردنی زۆربەی بابەتەکان، گەنجانی هەرێمی کوردستانی تاڕادەیەک بێزار و بێ ئومێد کردوە، بۆ دەربازبون لەم بارودۆخەش بەشێک لە گەنجان کۆچکردن بۆ هەندەران بەچارەسەر دەزانن.

## 4_ هۆکاری دەرونی:

هەندێک لە دەرونناسەکان پێیانوایە دورخستنەوەی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە کۆچکردنی تاکەوە هەیە، چونکە ئەوان دورخستنەوەی کۆمەڵایەتی وەک لەدەستدانی بەشە گرنگەکانی جەستە پێناسەدەکەن، لەلایەکیتر دروستبونی هەڕەشە لەسەر خود و کەمی بڕوا بەخۆبون و توڕەیی و نائومێدی سۆزداری و گۆشەگیری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی دروستبونی کۆچ و دابڕان لە کۆمەڵگەی ڕەسەن(Sakiz,2015,156).

دروستبونی بیرۆکەی کۆچکردن لەلایەن توێژی گەنجان ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە نەخوازراو و نائارامییە کە دوچاری گەنجان بونەتەوە، هەژاری بێکاری و هەستکردن بە نامۆیی پەراوێزخستنی لەلایەن کۆمەڵگاوە کاردانەوەی توندی نەرێنی دەرونی دەبێت لەلای تاک سەرەنجام کۆچکردن وەک ڕێگاچارەیەک دێتە بەرچاوی گەنج بۆ دۆزینەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی، چونکە زۆربەی گەنجەکان دەیانەوێت بەپەلە بە ئارەزوەکانیان بگەن هەروەکو هاوتەمەنەکانیان(السحباني، 2016، 6).

بۆیە لایەنی دەرونی تاک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرزبونەوە بڵاوبونەوەی کۆچی نایاسایی، چونکە تاک بەردەوام هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی خواستە تایبەتییەکانی خۆی کە پەیوەستە بەلایەنی دەرونی ئازادی خۆی، و ئەگەر تاک نەیتوانی ئەو پێداویستیانەی خۆی دابین بکات ئەوا بیر لە سەرکێشی دەکاتەوە بۆ دەربازبون لەم دۆخە بەبێ گوێدانی لایەنی تێچو دەرئەنجامەکانی، چونکە تاک بەردەوام خەون بە ئامانجەکانی دەبینێت و هەوڵیان بۆ دەدات(أعبيدالزنتاني، 2008، 108).

زیادبونی فشارە دەرونییەکان بەتایبەت لەلای گەنجان و قوتابیانی زانکۆ لە عێراق بەگشتی ئەویش بەهۆی ئەو دۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەی بەسەریدا هاتوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچکردنی گەنجان(بنی جابر،٢٠١١، ٢٦٦).

## 5_ هۆکاری ژینگەیی:

کۆچکردنی خەڵک لە ئەنجامی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان دیاردەیەکی نوێ نییە، زۆر جار خەڵک کۆچی وەرزییان کردوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر تا ئەو ڕادەیەی بوە بە بەشێک لە ژیانیان(IOM,2009, 13).

بۆیە فاکتەرە ژینگەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەدروستکردنی جوڵەی دانیشتوان بەتایبەت کۆچکردنی ناوەخۆ کە زۆر جار بەهۆی کارەساتی سروشتی و وێرانبونی ژینگە، جوتیاران ناچاردەبن لە گوندەوە بۆ شار کۆچ بکەن (الاتحاد الافريقي، 2016، 40)

گۆڕانی کەشوهەوا فاکتەرێکی گرنگی جوڵەی دانیشتوانە بە مەبەستی مسۆگەرکردنی شوێنی ژیان و دابینکردنی ئاو و خۆراک، چونکە بەشێکی زۆری ڕوبەری گۆی زەوی دوچاری وشکەساڵی و وشکبون بوە هەروەها پێشبینی دەکرێت لە داهاتودا بەشێکی زۆرتر لە ڕوبەری زەوی دوچاری گرفتی وشکەساڵی و بێ ئاوی ببێت (IOM,2008, 16).

هەروەها پێشبینی دەکرێت کیشوەری ئاسیا ببێتە یەکێک لەو ناوچانەی زۆر بەتوندی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوای لەسەر بێت بەو هۆیەشەوە ڕەنگە باجێکی قورس بدات، چونکە لەساڵی (٢٠١٠)ەوە زیاتر لە (٣٠) ملیۆن کەس بەهۆی خراپی کەشوهەواوە وەک و لافاو و زریانەکان ئاوارەبون و کۆچیان کردوە بۆ شوێنێکی ئارام و لەبار بۆ ژیان، هەرچەندە بەشێک لەو کۆچبەرانە گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان، بەڵام بەشێکی زۆریان بۆ هەمیشە بڕیاری نەگەڕانەوەیان دا بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان( ADB, 2011, 1).

بۆیە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەیەکی هاوبەشی ژینگەیی پێکهێنا (UNEP) بەتایبەتی بۆ وەڵامدانەوەی خێرای کارەساتە ژینگەییەکان، جا ئەم کارەساتە بەدەستی مرۆڤ یاخود لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاو کارەساتی سروشتییەوە بێت، چونکە دەرئەنجامی کارەساتە ژینگەییەکان دەبنە هۆی کۆچکردنێکی بێ پلانی دانیشتوان (Krieger,2020, 86_87).

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١_ کەمی هەلی کار و نادادپەروەری لە ڕەخساندنی کار هۆکاری کۆچکردنی گەنجانە بۆ هەندەران.

٢_ چاولێکەری بەتایبەت لە ژێر کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران.

٣_ کەمی حەقدەستی کار لە هەرێمی کوردستان هۆکارە بۆ کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران.

٤_ کێشە کۆمەڵایەتییەکان و توانای چارەسەرنەکردنیان لەلایەن یاساو دادگاکانەوە هۆکارن بۆ کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران.

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

١_ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە هەلی کار لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە حەقدەستێکی گونجاو بۆ گەنجەکان بڕەخسێنێت.

٢_ پێدانی قەرزی بچوک و مام ناوەند بەو گەنجانەی بەهرەدارن لە بوارێک لە بوارەکانی پیشـــەدا و ئارەزویی دامەزراندنی کاری سەربەخۆ دەکەن.

٣_ هۆشـــیارکردنەوەی گەنجان لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تاوەکو گەنجان نەکەونە ژێر کاریگەری چاولێکەری.

# Reasons for Youth Migration abroad in the Light of Migration Theories It is an analytical Theoretical Study

**Redar Izzadin Kanabi[1] - Aram Ibrahim husem[2]**

[1+2]Sociology, Department, College of Art, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstrac**

Youth migration is a phenomenon in most developed and poor societies, as well as societies that suffer from lack of job opportunities, adequate rights, corruption, political and security instability The aim of this study is to identify the reasons for the migration of young people abroad in the Kurdistan Region for nearly a decade, especially the migration of young people Illumination of migration theories. The most important results of this study are: Lack of adequate job opportunities and adequate rights is one of the reasons for youth migration, and expect another reason for migration among young people, migrant networks through social networks have a great impact on youth migration Another reason for young people to migrate is to increase their family income.

**Keywords:** Immigration, Youth Migration, Kurdistan Region, International Migration.

## سەرچاوەكان:


ابراهیم، عبدلمجید غفور(٢٠١٥) كۆمەڵناسی دانیشتوان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

بۆكانی، سابیر(٢٠١٦) میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەكەم، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

شوانی، محمد حسین(٢٠١٣) سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە كۆمەڵناسیدا.

جەبار، ئاسۆ(٢٠٠١) كۆچ و سەفەر، چاپی دوەم.

حكیم، مراد(٢٠٢٠) تایبەتمەندییەكانی كۆچبەرانی كوردســـتان و هۆكارەكانی كۆچكردنیان: كۆچی گەنجانی هەرێم بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە دوای شەڕی داعش، گۆڤاری توێژەر، بەرگی. ٣. ژمارە. ٢.

سمحە، موسا عبودە، فوزی عەبد سهاونە(٢٠٠٩) جوگرافیای دانیشتوان، و، هیوا ئەمین شوانی، چاپخانەی موكریانی، هەولێر.

غەفور، عەبدوڵلا(٢٠١٢) جوگرافیای باشوری كوردستان، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، *هەولێر.*

ئەسكەندەر، ئەحمەد(٢٠١٦) كۆچی گەنجان، چاپچانەی رۆژهەڵات، هەولێر

IOM (٢٠١٩) التنمية الاعلامية استناد الى القانون الدولي والادلة، دليل الصحفي.

IOM، IRAQ، (٢٠١٦) تدفقات الهجرة من العراق الى أوروبا الأسباب الكامنة وراء الهجرة، بغداد، عيراق.

أبو زيد، محمد امحمد محمد(٢٠١٩) الهجرة غير الشرعية وأثرها على الامن القومي الليبي، الريسامة الماجستير، جامعة الشرق الاوسط، عمان، الاردن.

أعبيدالزنتاني، ابراهيم محمد(٢٠٠٨) الهجرة غير الشرعية و المشكلات الاجتماعية، المكتب العربي الحديث، الاسكندرية.

الاتحاد الافريقي(٢٠١٦) الاطار ال م ن ق ح لسياسة الهجرة في أفريقي و خطة العمل (٢٠١٨_٢٠٢٧) أديس أبابا، أثيوبيا.

الخفاف، عبد على حسن، عبد مخور الريحاني(١٩٨٦) جغرافية السكان، ط، جامعة البصرة، عيراق.

الســحباني، عبدالســتار(٢٠١٦) الشــباب والهجرة غير النيظامية في تونس، دراســة ميدانية للتمثلات الاجتماعية والممارســات والانتضارات.

الماضــي، أحمد عبدالله، ناضــر أحمد منديل(٢٠١٧) الهجرة الدولية، ديراســة في أطار القانون الدولي العام، مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة.1. المجلد .1. العدد.3. الجزء .1.

أم الخير، سحنون(٢٠١٧)، الهجرة غير الشرعية لدى الشباب الج ا زئري الأسباب و العوامل، جامعة بونعامة جيلالي خميس مليانة. مجلد.3. عدد .1 . ص(٣٠٩_٣٢٦).

بركات، وجدى محمد(٢٠٠٨) أفاق التنمية لدى الشباب و تأثير المجتمع، مركز البحوث الامنية، مملكة البحرين.

بني جابر، جودة(٢٠١١) علم النفس الاجتماعي، دار الثقافة للطباعة والنشر.

بوادقجي، عبدالرحمن، عصــام خوري(٢٠٠٢) علم الســكان، دار الرضــا للنشــر، ســوريا، دمشــق.صــبحى، ســيد(2002) الشــباب والازمة التعبير، الدار المصرية للبنانيةو، المكتبة المركزية، غزة.

عبد الحسـين، نسـرين على، خلود رحيم عصـفور(٢٠١٨) الاتجاه نحو الهجرة لدى طلبة الجامعة،مجلة كلية التربية للبنات، المجلد 29(2) جامعة بغداد.

عزيز، علي محمد، رياض ابراهيم السحرى( ١٩٨٤) جغرافية السكان، مطبعة، جامعة بغداد، بغداد.

على، يونس حمادي(١٩٨٥) مبادئ علم الديمغرافية، ط، جاميعة الموصل، عيراق.

فؤاد، بن غضبان(٢٠١٤) علم الاجتماع الحضرى، دار الرضوان للطباعة والنشر، عمان، الاردن.

Olejarova, Eva(2007) LBOUR MIGRATION AS SOCIO_ECONOMIC PHENOMENON, Central European University, Budapest, Hungary.

Portes, Alejandro, Ruben G. Rumbau(2014) IMMIGRATION AMERICAN :A PORTRAIT, 4th edition,

Massey, S. Douglas, , Joaquin Arango, Graeme Hugo, Ali Kouaouci, Adela Pellegrinoand J. Edward

ADB BRIEFS(2011) Facing the Challenge of Environmental Migration in Asia and the Pacific, No.9.

Artemyevaa, Tatiana V, Sergey A. Chernovb( 2016) Psychology of Personality in the Condition of Modern Migration Processes, Kazan(Volga region) Federal University, RUSSIA,VOL. 11, NO.13, 6122_ 6134.

Castles, Stephen, HEIN DE HAAS, MARK J. MILLER, (2014) THE AGE OF MIGRATION, Fifth Edition, P, Palgrave Macmillan, UK.

Echeverria,Gabriel(2020) Towards a Systemic Theory of Irregular Migration, International Cooperation Center, University of Trento, Trento, Italy. **Andrés Solimano**

EUROPEAN COMMISSION(2000) Push and Pull Factors of International Migration, printed by, Luxembourg, Office for Official Publications of the European Commission.

Haas, Hein de(2008) Migration and Development A theoretical Prespective,International Migration Institute, University of Oxford.

IOM(2009) Migration Environment and Climate Change: ASSESSING THE EVIDENCE, Geneva 19, Switzerland.

JANEEN, J, CLIFFORD(2011) READINDS IN THE SOCIOLOGY OF MIGRATION, York University, Toronto, Canada.

K rieger, Tim, Diana Panke, and Michael Pregering(2020) ENVIRONMENTAL CONFLICTS, MIGRATION AND GOVERNANCE, Bristol University Press, North America.

Kurekova, Lucia(2011) Theories of migration, Central European University, University College London.

Lee, , Chris(2009) Sociological Theories of Immigration, Pathways to Integration for U.S. Immigrants' Journal of Human Behavior in the Social Environment, 19: 6, 730 — 744 [University of California, Berkeley.

Lee, E, S,(1966) Theory of Migration, Demography,Vol. 3, No. 1. PP. 47_57.

Mekacha, Rugatiri D.K.(1998) Youth Migration and Poverty Alleviation,

Rica, San Jose Costa(2000) International Migration and Development In the American, Copyright, United Nation, Santiago, Chile.

Sakiz, Halis(2015) Establishing an Inclasive Psychology of Migration An Alternative Model, V: 1. No: 1.pp. 150_ 175.

Taylor(1993) Vol. 19, NO. 3 (Sep, 1993), pp. 431_ 466 published.

United Nation,( 2001) General Assembly Implementation of the World Program of Action for Youth To the Year (2000) and Beyond(2001).

Wimalaratana, Wijitapure(2017) INTERNATIONAL MIGRATION AND MIGRATION THEORIES, Social Affairs: A Journal for the Social Sciences, Vol.1 No.5, 13-32, Fall 2016, Sri Lanka.

IOM,(2008) Migration and Climate Change,Switzarland.

Marques, Helena(2001) THE NEW ECONOMIC THEORIES, United Kingodm.